پوتن خۆی بە سەرکایەتی رووسیا کاندیدکردووە

کۆمیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەکانی رووسیا پەسەندکردنی کاندیدبوونی ڤلادیمیر پوتن بە هەڵبژاردنی سەرکایەتی رووسیا راگەیاند، دوای ئەوەی وەک کاندیدی سەربەخۆ توانی نزیکەی 315 هەزار واژەی هاووەاتیان پشکش بکات.

ڕۆژی (29ـی کانوونی دووەمی 2024) کۆمیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەکانی رووسیا رایگەیاند، ڤلادیمیر پوتن وەک کاندیدێکی سەربەخۆ خۆی هەڵبژاردنی سەرکایەتی رووسیا کاندیدکردووە، دوای ئەوەی توانی نزیکەی 315 هەزار واژەی هاووەاتیان بە پشتیوانیکردن لە کاندیدبوونی لە سەرتاسەری رووسیا کۆکردەوە.

ماڵپەڕی مۆسکۆ تایمز بڵاویکردووەتەوە، ڕۆژی 0.15%ـی واژە کۆکراوەکانی پوتن بەهۆی کێشەی تەکنیکییەوە بە پوچەڵ هەژمارکراون بەڵام بگوترێ یاسای هەڵبژاردنەکان لە رووسیا، هەر کاندیدێک بەشێوەی سەربەخۆ خۆی بە پێستی سەرکی رووسیا کاندید بکات، پێویستە 300 هەزار واژە کۆبکاتەوە.

لەلایەن خێیەو، ئیلا پامفیلۆڤا، کەمیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەکانی رووسیا رایگەیاند، هەموو رەکارەکانی خۆتەمارکردن تەواوبوون و ڤلادیمێر پوتن بە پێنجەمین خول، وەک کاندیدی سەربەخۆ بە هەڵبژادنی سەرۆکایەتی رووسیا بەکەی دەنگ لەلایەن کەمیسیۆنەکەیانەو پەسەندکراو.

ڤلادیمێر پوتن لە ساڵی 2000 بە یەکەمجار بوو سەرۆکی رووسیا و لە ساڵی 2008 لە کۆتایی خولی دووەمی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی پەستەکەی بە دیمتری میدڤدڤ، سەرۆکوەزیرانی ئەوسای وڵاتەکەی جێهێشت و لە ساڵی 2012، جارەکی دیکە گەڕایەو بە سەرۆکایەتیکردنی رووسیا و بە دوو خولی دیکە تاوەکو ئێستا لە پەستەکەی ماونەتەو.

ڤلادیمێر پوتن دەبێتە چوارەم کاندید بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی رووسیا کە تاوەکو ئێستا لەلایەن کەمیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەکانی رووسیا رەزامەندی فەرمی وەرگرتووە لە کەی 11 کاندید کە وابەیار هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی رووسیا لە (15 بە 17ـی ئاداری 2024) بەڵەوبچێت و 31ـی ئەم مانگەش پرۆسەی پێشکەشکردنی واژە بە خۆکاندیدکردن بە سەرۆکایەتی رووسیا کۆتاییدێت.

تاوەکو ئێستا لەگەڵ ڤلادیمێر پوتن، هەریەکە لە لیۆنید سلوتسکی، سەرۆکی پارتی لیبەرالی دیموکراتی و ڤلادیسلاڤ داڤانکۆڤ، لە پارتی خەڵکی نوێ و نیکەڵای خاریتۆنۆڤ لە پارتی شیوعی رووسی کەبەکە لەسەر پەستی سەرۆکایەتی رووسیا دەکەن.